ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

# المختصر في آداب وأحكام زيارة المسجد النبوي



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

شركاء التنفيذ :

دار الإسلام | بيان الإسلام | رواد التراجم | المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص

Tel : +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245-2836
www.islamiccontent.org

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

**پاشان:**

ئەمە نامیلکەیەکی پوختە سەبارەت بە ئاداب وڕەوشت وحوکمەکانی سەردانیکردنی مزگەوتی نەبەوی، بەپەرۆش بووین لەسەر ڕوونکردنەوەی زۆرینەی ئەو شتانەی سەردانیکاری مزگەوتی نەبەوی پێویستیەتی.

داواکارین لە خوای گەورە بە ئیخلاس ودڵسۆزی لە پێناو زاتی پیرۆزی ئەو بێت، وهەموو مسوڵمانان سوودی لێ ببینن.

**لیژنەی زانستی لە کۆڕگەی خزمەتگوزاری بڵاوکراوە ئیسلامیەکان بە زمانەکان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات-.**





ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

# پوختەیەك
# لە ئاداب وڕەوشت وحوكمەكانی سەر دانیكر دنی مزگەوتی نەبەوی





1 سەردانیکردنی مزگەوتی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سوننەتە، وکاتێکی دیاریکراوی نییە، وبەشێك نییە لە کردەوەکانی حەج، وواجب نییە لەسەر حاجیەکان -بە پیاوان وئافرەتانەوە- سەردانی گۆڕی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- وگۆڕستانی بەقیع بکەن.

2 ڕێگەپێدراو نییە گەشتی تایبەت بکرێت تەنها بۆ سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر **-صلی الله علیه وسلم-**، چونکە گەشتی تایبەت بۆ ئەنجامدانی پەرستن؛ نابێت بۆ سەردانیکردنی گۆڕەکان بێت، بەڵکو دەبێت تەنها بۆ سێ مزگەوت ئەنجام بدرێت، **پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:** «سەفەری تایبەت* ئەنجام مەدەن مەگەر بۆ سێ مزگەوت نەبێت: ئەم مزگەوتەی من -مزگەوتی نەبەوی-، ومزگەوتی حەرام، ومزگەوتی ئەقسا». *(سەفەری تایبەت: مەبەست لێی سەفەر وگەشتێکە بۆ پەرستن ونزیکبوونەوە لە خودا ئەنجامبدرێت) رواه البخاري (١١٨٩) ومسلم (٨٢٧). ئەو کەسەی لە مەدینەوە دوورە ڕێگەپێدراو نییە گەشتێکی تایبەت ئەنجام بدات تەنها بە مەبەستی سەردانیکردنی گۆڕەکان، بەڵکو ڕێگەپێدراوە ئەم گەشتە تایبەت ئەنجام بدات بە مەبەستی سەردانیکردنی مزگەوتی نەبەوی ڕێزدار، وکاتێك دەگاتە نێو مزگەوتەکە دەتوانێت سەردانی گۆڕی پێغەمبەر **-صلی الله علیه وسلم-** وهاوەڵان بکات، چونکە لەم حاڵەتەدا سەردانیکردنی گۆڕەکە شوێنکەوتەی سەردانیکردنی مزگەوتی پێغەمبەرە **-صلی الله علیه وسلم-** نەک بەتای بەتی ئەنجامدرابێت.

**3** ڕێگەپێدراو نییە ئافرەت سەردانی گۆڕی پێغەمبەر -**صلى الله عليه وسلم**- وگۆڕی تر بکات؛ چونکە پێغەمبەر -**صلى الله عليه وسلم**- نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن، ولەوەیە بەهۆی ئەم سەردانیکردنە تووشی هەندێك شتی ناشەرعی بن وەکو نارەزایی دەربڕین -نیاحە- وخۆ ڕازاندنەوە وهتد، بەڵام سوننەتە بۆیان زۆر سەڵات وسەلام بدەن لەسەر پێغەمبەر -**صلى الله عليه وسلم**- لە مزگەوت وشوێنی تردا، ئەم سەڵات وسەلام دانە دەگاتە پێغەمبەر -**صلى الله عليه وسلم**- ئەگەر ئافرەتەکە لە هەر شوێنێك بێت؛ چونکە پێغەمبەر -**صلى الله عليه وسلم**- دەفەرموێت: «ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان، وگۆڕەکەم مەکەن بە شوێنی سەردانیکردن (شوێنی کۆبوونەوە وئاهەنگ گێڕان)، وسەڵات بدەن لەسەرم سەڵاتەکانتان پێم دەگات ئەگەر لە هەر شوێنێک بوون». هەروەها -**صلى الله عليه وسلم**- دەفەرموێت: «خوای گەورە هەندێک فریشتەی هەیە بەسەر زەویدا دەگەڕێن؛ سەلامی ئومەتەکەم دەگەیەنن بە من». **کاتێك دەچێتە نێو مزگەوتی نەبەوی؛ سوننەتە قاچی ڕاستی پێش بخات لە کاتی چوونە نێو مزگەوتەکەوە ودەڵێت:** (اللَّهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە: (خوایە دەرگای ڕەحمەتت لەسەرم بکەیتەوە)؛ هەروەکو چۆن دەیڵێت لە کاتی چوونە نێو هەر مزگەوتێکی تر.



4 وچوونـه نێـو مزگـەوتـی پێغەمبـەر -صلـی الله علیـه وسلم- زیکرێکـی تایبەتی بۆ دانەنراوە.

5 پاشـان دوو ڕکات نوێژی (سـڵاو کردن لە مزگەوت - تحية المسـجد) ئەنجام دەدات.

6 وئەگـەر کاتـی نەهـی کـردن نەبێـت لـە ئەنجامدانـی نوێژی سـوننەت؛ دەتوانێـت بـە ویسـتی خـۆی دوو ڕکات نوێـژی سـوننەت ئەنجـام بـدات، پێغەمبەری خـودا **-صلى الله عليه وسلم-** دەفەرموێت: «نوێژکـردن لـەم مزگـەوتـەی من خێـری زیاترە لە هـەزار نوێژکردن لەمزگەوتەکانـی تـر، جگە لەمزگەوتی حـەرام نەبێت». رواه البخاري (١١٩٠) ومسلم (١٣٩٤).

7 وپێویسـتە هـەوڵ بـدات وبـە پـەرۆش بێت لەسـەر ئەنجامدانـی نوێژ لە (ڕەوزە-الروضة) -ئەمیش شوێنێکە لە نێوان مینبەری پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم- وژوورەکەی-**؛ ئەگەر ئاسـان بوو، چونکە **-صلى الله عليـه وسـلم- دەفەرموێـت:** «لە نێوان ماڵەکـەم ومینبەرەکەم باخێکە لە باخەکانی بەهەشت». رواه البخاري (١١٩٥) ومسلم (١٣٩٠).

ئەگـەر ئاسـان نەبـوو بـۆی؛ دەتوانێـت لـە هـەر شـوێنێکی مزگەوتەکـە نوێـژ بـکات، ئەمـە لە کاتێکدا ئەگـەر نوێژی بە کۆمـەڵ نەبێت، چونکە ئەگـەر نوێـژی بـە کۆمـەڵ بـوو ئـەوا پێویسـتە بەپـەرۆش بێت لەسـەر ڕیـزی یەکـەم لـە پشـتی ئیمام؛ چونکـە بەڵگەکان بە شـێوەیەکی گشـتی ئاماژە بۆ ئەمە دەکەن.

**8** وئەگەر بیەوێت سەردانی گۆڕی پێغەمبەر **-صلی الله علیه وسلم-** وگۆڕی دوو هاوەڵەکەی بکات:




بەرامبەر بە گۆڕی پێغەمبەر **-صلی الله علیه وسلم-** بە ڕێز ولەسەرخۆییەوە دەوەستێت، ودەنگی نزم دەکاتەوە، پاشان سەلام لە پێغەمبەر **-صلی الله علیه وسلم-** دەکات ودەڵێت: (السلام علیك یا رسول الله ورحمة الله وبركاته) واتە: (سڵاو وسەلام لە تۆ بێت ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ ڕەحمەت وپیرۆزی الله)، وئەگەر بڵێت: (أشهد أنك رسول الله حقّاً، وأنك قد بلّغت الرسالة، وأدّيت الأمانة، وجاهدت في الله حق جهاده، ونصحت الأمة، فجزاك الله عن أمتك أفضل ما جزى نبياً عن أمته) واتە: (شاهێدی دەدەم بە ڕاستی تۆ پێغەمبەری خودایت، وپەیامەکەت گەیاند، وسپاردەکەت بەجێگەیاند، ولە پێناو خوای گەورە کۆشش وجیهادت بەرپا کرد بەو شێوەیەی پێویستە بەرپا بکرێت، وئامۆژگاری ئومەتت کرد، خوای گەورە پاداشتت بداتەوە بەهۆی ئەوەی پێشکەشت کرد بۆ ئومەتەکەت بە باشترین پاداشت لەوەی خوای گەورە دەیبەخشێت بە پێغەمبەران بەهۆی ئەوەی پێشکەشیان کرد بە ئومەتەکانیان)؛ ئەوا ئەمیش ئاساییە.

پاشان تۆزێك دەچێتە لای ڕاست وسەلام لە ئەبو بەكری سدیق دەكات -ڕەزای خوای لێبێت-.

دواتر تۆزێك دەچێتە لای ڕاست وسەلام لە عومەری كوڕی خەتاب دەكات، ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەگەر سەلامی بكردایە لە پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** وهاوەڵەكانی زۆر جار لەمە زیاتری نەدەووت: (السلام عليك يا رسول الله، السلام عليك يا أبا بكر، السلام عليك يا أبتاه) واتە: (سەلامت لێبێت ئەی پێغەمبەری خودا، سەلامت لێبێت ئەی ئەبو بەكر، سەلامت لێبێت ئەی باوكە)؛ پاشان دەڕۆیشت.

ونابێت زۆر بوەستێت یان نزا بكات لە لای گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وگۆڕی هاوەڵەكانی، مالیك ئەمەی بە مەكروهـ داناوە، ودەڵێت: بیدعەیە وهیچ یەكێك لە پێشینان نەیكردووە، وكۆتایی ئەم ئومەتە چاك نابێت مەگەر بە ئەو شتە نەبێت كە بووە هۆكاری چاكبوونی یەكەمینەكانی.

ئەوەی هەندێك لە سەردانیكاران ئەنجامی دەدەن وەكو بەرزكردنەوەی دەنگ لە لای گۆڕی پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** وزۆر وەستان لەوێ؛ ئەمە پێچەوانەی ڕێساكانی شەریعەتە، **خوای گەورە دەفەرموێت:**

(يا أيها الذين آمنوا لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي ولا تجهروا له بالقول كجهر بعضكم لبعض أن تحبط أعمالكم وأنتم لا تشعرون ، إن الذين يغضون أصواتهم عند رسول الله أولئك الذين امتحن الله قلوبهم للتقوى لهم مغفرة وأجر عظيم)

(ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەرز مەكەنەوە بە سەر دەنگی پێغەمبەردا ﷺ وە بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ مەكەن وەك دەنگ بەرز كردنەوەتان لەگەڵ یەكتریدا، نەوەكو كردەوەكانتان بەتاڵ ببێتەوە وخۆشتان هەستی پێنەكەن ،
بێگومان ئەوانەی دەنگیان نزم دەكەنەوە لەخزمەتی پێغەمبەردا ﷺ ئەوانە ئەو كەسانەن خوا دڵیانی زاخاو داوە وپاكی كردوەتەوە بۆ تەقوا وخواناسین، لێخۆشبوون وپاداشتی گەورەیان بۆ هەیە) **(الحجرات ٢-٣)**

. چونکە زۆر وەستان لە لای گۆڕی پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** وزۆر دووبارە کردنەوەی سەلامکردن دەبێتە هۆی قەرەباڵغی وژاوەژاو وبەرزبوونەوەی دەنگ لە لای گۆڕەکەی، وئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە خودا بڕیاری لەسەر داوە لە شەریعەتدا بۆ مسوڵمانان لەم ئایەتە دامەزراوانەدا، وپێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** ڕێزدارە بە زیندوویێتی ومردوویێتی، بۆیە نابێت ئیماندار لە لای گۆڕەکەی شتێك بکات کە پێچەوانەی ئاداب وڕەوشتی شەرعییەکان بێت.

وئەوەی هەندێك لە سەردانیکاران وخەڵکی تر ئەنجامی دەدەن وەکو بەپەرۆشی لە سەر نزا کردن لە لای گۆڕەکەی، ولە کاتی نزاکەدا ڕوو دەکەنە گۆڕەکە ودەستەکانیان بەرز دەکەنەوە؛ بە هەمان شێوە ئەمیش پێچەوانەی ڕێبازی پێشینی چاکە لە هاوەڵانی پێغەبەری خودا وئەوانەی شوێنیان کەوتن بە چاکە، بەڵکو ئەم کارەیان بیدعە وداهێنراوی تازەیە.

هەندێك لە سەردانیکاران لە کاتی سەلامکردن لە پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** دەستی ڕاستیان دەخەنە سەر دەستی چەپیان لە سەرەوەی سنگیان یان لە ژێرەوەی وەکو شێوازی نوێژکردن؛ ئەم شێوازە ڕێگەپێدراو نییە لە کاتی سەلامکردن لە پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-**، چونکە شێوازی زەلیلی وملکەچی وپەرستنە وتەنها دەبێت بۆ الله ئەنجام بدرێت هەروەکو ئیبن حەجەر دەیگێڕێتەوە لە زانایانەوە لە کتێبی الفتح دا.

ونابێت هیچ یەکێك مەبەستی نزیکبوونەوە بێت لە الله بە مەسحکردن بە سەر چوارچێوەی ژوورەکەدا، یان تەواف کردن بە دەوریدا، ونابێت داوای هیچ شتێك لە پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** بکات، ونابێت داوای شیفای لێبکات وهاوشێوەی ئەمە لە داواکانی تر؛ چونکە مرۆڤ دەبێت بە تەنها لە الله بپاڕێتەوە وبە تەنها داوای بە هاناوە هاتن لە ئەو بکات.

9 سەردانیکاری مەدینە لە کاتی بوونی لە مەدینەدا؛ سوننەتە سەردانی مزگەوتی قوبا بکات ولەوێدا نوێژ بکات، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەچوو بۆ ئەو مزگەوتە بە سواری وبە ڕۆیشتن لەسەر پێ ودوو ڕکات نوێژی تێدا ئەنجام دەدا، لە سەهلی کوڕی حونەیفەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك لە ماڵەوە دەستنوێژ بگرێت پاشان بێت بۆ مزگەوتی قوبا، ونوێژی تێدا ئەنجام بدات ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی عومرە کردنێک وایە».



10 هەروەها سوننەتە پیاوان سەردانی گۆڕەکانی بەقیع بکەن -ئەمیش گۆڕستانێکە لە مەدینەدا- وگۆڕەکانی شەهیدەکان، وگۆڕی حەمزە -ڕەزای خوای لێبێت-؛ چونکە پێغەمبەر **-صلى الله عليه وسلم-** سەردانیانی دەکرد ونزای بۆیان دەکرد، هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «من نەهیم لێکردن لە سەردانیکردنی گۆڕەکان، بەڵام سەردانیان بکەن چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی قیامەتتان بە بیر بهێنێتەوە»، وکاتێك سەردانیان دەکات هەروەکو لە کاتی سەردانیکردنی گۆڕەکانی تر؛ ئەم نزایە دەڵێت: (السلام عليكم أهل الديار، من المؤمنين والمسلمين، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين، نسأل الله لنا ولكم العافية) واتە: (سەلام لە ئێوە بێت نیشتەجێبووانی ئەم شوێنە لە ئیمانداران ومسوڵمانان، وئێمەیش بە ویستی الله دەگەین بە لای ئێوە، خوای گەورە ڕەحم بکات بە ئەوانەی لە پێشووتر چوون وبە ئەوانەیش لە داهاتوودا دێن -بۆ ئەم شوێنە-، داواکارین خوای گەورە عافیەت وسەلامەتی ببەخشێت بە ئێمە وبە ئێوەیش).



11 بێگومان مەبەست لە سەردانیکردنی گۆڕستان بۆ بە بیر هێنانەوەی قیامەت وچاکەکردنە بەرامبەر بە مردووەکان ئەمیش بە نزا کردن بۆیان، هەروەها شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەمە سەردانیکردنی شەرعیە.

12 بەڵام سەردانیکردنیان بە مەبەستی نزا کردن لە لای گۆڕەکانیان، یان داوا کردن لە الله بە پلەی ئەوان وهاوشێوەی ئەمە؛ ئەمە سەردانییەکی خراپە وبیدعەیە نە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە لە شەریعەتدا ونە پێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم-، هەروەها پێشینی چاك ئەم کردەوەیان ئەنجام نەداوە، سەبارەت بە داوا کردنی پێویستی یان شیفای نەخۆشی لە مردووەکان یان هاوشێوەی ئەمانە؛ ئەمە شیرکی گەورەیە.



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

خوێنەری بەڕێز ئەمە لە هەندێك لە فەرموودە هەڵبەستراو وساختەكانە لەم بابەتەدا بۆ ئەوەی بیانناسیت وهۆشدار بیت لە هەڵخەڵەتاندن پێیان:

- یەكەم: (من حج ولم يزرني فقد جفاني) واتە: ئەوەی حەج بكات وسەردانی من نە كات؛ ئەوا وشك وسارد بووە بەرامبەرم.
- دووەم: (من زارني بعد مماتي فكأنما زارني في حياتي) واتە: ئەوەی لە پاش مردنم سەردانم بكات وەكو ئەوە وایە لە كاتی ژیانم سەردانی كردبێتم.
- سێیەم: (من زارني وزار أبي إبراهيم في عام واحد ضمنت له على الله الجنة) واتە: ئەوەی سەردانی من وسەردانی ئیبراهیمی باوكم بكات لە یەك ساڵدا ئەوا مسۆگەری بۆ دەكەم كە خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە.
- چوارەم: (من زار قبري وجبت له شفاعتي)، واتە: ئەوەی سەردانی گۆڕەكەم بكات؛ شەفاعەت كردنم بۆی مسۆگەر دەبێت.

**ئەم فەرموودانە وهاوشێوەكانی هیچ یەكێكیان بە دروستی لە پێغەمبەرەوە نەهاتوون -صلى الله عليه وسلم-. عوقەیلی دەڵێت: لەم ڕوانگەیەوە هیچ فەرموودەیەكی سەحیح ودروست نەهاتووە، ئیبن حەجەر لە (التخليص)دا دەڵێت: -پاش ئەوەی زۆر لەم گێرانەوانەی باسكرد- ڕێگاكانی ئەم فەرموودەیە هەمووی لاوازە. سەردانیكردنی مزگەوتی نەبەوی لە پێش یان لە پاش حەج وعومرە؛ سوننەت نییە وكامڵێتی نییە بۆ ئەنجامدانیان، چونكە سەردانیكردنی مزگەوتی نەبەوی سوننەتێكی ڕەهایە،بۆیە ئەگەر حاجی یان عومرەكار سەردانی نەكات هیچ گوناهبار نابێت، وهیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان حەج یان عومرە وسەردانیكردنی مزگەوتی نەبەوی چونكە ئەمەی كۆتا پەرستنێكی جیاواز وسەربەخۆیە. ئەوەی حەج یان عومرە دەكات پابەند نەكراوە بە سەردانیكردنی مزگەوتی نەبەوی، هەروەها ئەوەی سەردانی مزگەوتی نەبەوی دەكات پابەند نەكراوە بە ئەنجامدانی حەج یان عومرە، بەڵام ئەگەر لە گەشتێكدا حەج وعومرە ئەنجام بدات وسەردانی مزگەوتی نەبەویش بكات؛ ئەمە ئاساییە**

## سەرپێچیەکان لە کاتی سەردانیکردنی مزگەوتی نەبەوی

1. مەسح کردن بە دیوار یان بە شیشە ئاسنیەکان لە کاتی سەردانیکردنی گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وبەستنەوەی بەن وهاوشێوەکانی بە پەنجەرەکانەوە؛ بۆ بەدەستهێنانی پیرۆزی وبەرەکەت.

بەرەکەت وپیرۆزی لەوەدایە کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی -صلى الله عليه وسلم- لە شەریعەتدا بڕیاریان لەسەر داوە نەك لە

2. ڕۆیشتن بۆ ئەشکەوتەکان لە شاخی ئوحود وبۆ ئەشکەوتی حەڕا وثەور لە مەککە؛ وبەستنەوەی پارچە قوماشێك بە شتێکەوە لەوێ ونزا کردن بە شێوەیەك کە خوای گەورە ڕوخسەتی پێ نەداوە وئەرکی قورس خستنە ئەستۆ لەم کارانەدا.

3. داوا کردن لە مردووەکان لە کاتی سەردانیکردنی گۆڕستانی بەقیع وگۆڕستانی شەهیدەکان وفڕێدانی پارە لەوێ؛ بۆ نزیکبوونەوە لێیان وبە دەستهێنانی بەرەکەت وپیرۆزی لە مردووەکانەوە.



4 هەموو ئەمانە هەڵەی زەقن، بەڵکو شیرکی گەورەن هەروەکو زانایان باسیان کردووە، هەروەها بە بەڵگەی قورئان وسوننەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ چونکە پەرستن تەنها دەبێت بۆ الله ئەنجام بدرێت ونابێت هیچ پەرستنێك بۆ جگە لە الله بێت وەکو نزاکردن وسەربڕین ونەزرکردن و هاوشێوەیان؛ **هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت:**

(وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ) (البينة ٥)

واتە: لەگەڵ ئەوەیشدا- کە فەرمانیان پێ نەدرا بوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بە دڵسۆزی وملکەچی بن وخۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خوارو خێچ.

**وخودا زاناترە، وصلى الله وسلم على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.**



# تعرف على الإسلام
# بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

ترجمات متقنة لمعاني القرآن الكريم بأكثر من (75) لغة

بيان الإسلام
byenah.com

مواد منتقاة للتعريف بالإسلام وتعليمه بأكثر من (120) لغة

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

ترجمات متقنة للأحاديث النبوية وشروحها بأكثر من (60) لغة

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

مواد منتقاة للحجاج والمعتمرين و الزوار بلغات العالم

جامع المحتوى الإسلامي باللغات
islamcontent.com

مواد إسلامية متنوعة وشاملة بأكثر من (125) لغة

موسوعات وخدمات إسلامية باللغات
s.islamenc.com

للمزيد من المواقع الإسلامية بلغات العالم

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات